

# ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار


Lesley Koyi, Ursula Nafula
Brian Wambi
Agri Afshin

kurdiska (sorani)
nivå 3




وێستگەی بچووکی پاسی گوندەکەی ئێمە، قەرەباڵغ و پڕ لە پاس بوو. لەسەر زەویەکە شتی زۆری لێ بوو کە دەبوایە بار کرابان. شاگردی شوفێرەکان بە دەنگی بەرز ناوی ئەو شوێنانەیان دەگوت کە پاسەکان بۆی دەچوون.




گوێم لە دەنگی شاگردشۆفیرێك بوو كە هاواری دەكرد: “شار! شارا! بەرەو رۆژئاوا!” ئەوە ئەو پاسە بوو كە من دەبوایە سواری بم.



ئەو پاسەی بۆ شار دەچوو خەریك بوو پڕ بێ، بەڵام خەڵکەکە هەر پاڵیان بە یەکترەوە دەنا بۆ ئەوەی بێنە ژوور و سوار بن. هەندێك بارەکانی خۆیان خستە ناو سندووقی ژێر پاسەکە. هەندێکیشیان هێنایانە ناو پاسەکە و لەسەر ڕەفەی ژوورەوەیان دانا.



گەشتیارە نوێیەکان بلێتەکانیان بە توندی لەناو دەستیان گرتبوو و لەناو پاسە قەرەباڵغەکەدا بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان کە لە سەری دانیشن. ئەو ژنانەی کە منداڵی چکۆلەیان پێ بوو، هەوڵیان دەدا شوێنێکی گونجاو بۆ منداڵەکانیان دروست بکەن بۆ گەشتە دوورەکە.



من بە زۆر شوێنی خۆم لە تەنیشت پەنجەرەیەکەوە کردەوە. ئەو کەسەی لە تەنیشت منەوە دانیشتبوو، کیسەیەکی لایلۆنی سەوزی بە توندی لەناو دەستدا گرتبوو. ئەو نەعلەکی کۆنی لە پێدا بوو، چاکەتێکی کۆنی لەبەردابوو، ئەو پەشۆکا دیار بوو.



تەماشای دەرەوەی پاسەکەم کرد و زانیم خەریکە دێیەکەم بە جێ دێڵم. ئەو جێگایەی کە تێیدا گەورە ببووم. من دەچوومە شارێکی گەورە.



هەموو کەلوپەلەکان بار کران و گەشتیارەکانیش لە شوێنەکانیان دانیشتن. دەستفرۆشەکان هێشتا بە پاڵەپەستۆ دەهاتنە ناو پاسەکە، بۆ ئەوەی شتەکانیان بە گەشتیارەکان بفرۆشن. هەموویان ناوی ئەو شتانەیان دەگوت کرد کە بۆ فرۆشتن پێیان بوو. من پێموابوو ئەو وشانەی گوێم لێبوون، زۆر سەیر بوون.



هەندێك لە گەشتیارەکان خواردنەوەیان کڕی، هەندێکیشیان چەرەساتیان کڕی و دەستیان بە خواردن کرد. ئەوانەی پارەیان نەبوو، وەکوو من، تەنیا تەماشایان دەکرد.



ئەو جموجۆڵانە بە لێدانی هۆڕنی پاسەکە کۆتاییان پێ هات، کە ئەوە ئاماژەیەک بوو بۆ ئەوەی کە ئێمە ئامادەین بۆ ڕۆیشتنین. شاگرد شوفیرێك هاواری کرد کە دەستفرۆشەکان دەبێ بڕۆنە دەرەوە.



دەستفرۆشەکان پاڵیان بە یەکترەوە نا بۆ ئەوەی لە پاسەکە بچنە خوارەوە. هەندێکیان باقی پارەکانیان بە گەشتیارەکان دایەوە. هەندێکیشیان لە کۆتایی کات هەوڵیان دا شتی زیاتر بفرۆشن.



کاتێك کە پاسەکە وێستگەکەی بە جێهێشت، من لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کرد. بیرم لەوە دەکردەوە کە ئایا جارێکی دیکە دەتوانم بۆ گوندەکەم بگەڕێمەوە.



هەرچی سەفەرەکە بەرەو پێشەوە دەچوو هەوای ناو پاسەکە زۆر گەرمتر دەبوو. من چاوەکانم داخست و بەو هیوایەی خەوم لێ بکەوێت.



بەڵام بیرم هەر لە لایماڵەوە بوو. ئایا دایکم سەلامەت دەبێ؟ ئایا دەتوانم هیچ قازانجێك لە کەروێشکەکانم بکەم؟ ئایا براکەم لە بیری دەبێ دارە ساواکانم ئاو بدات؟



له ڕێگا توانیم نێوی ئەو جێگایەی شارە گەورەکە لە بەر بکەم کە مامم لێی دەژیا. لە بەر خۆوە قسەم کردن، هەتا خەوم لێکەوت.



نۆ کاتژمێر دواتر، بە دەنگێکی بەرز وەخەبەر هاتم کە بانگی گەشتیارەکانان دەکرد بۆ گەڕانەوە بۆ گوندەکەم. منیش جانتا چکۆلەکەم هەڵگرت و لە پاسەکە هاتمە خوارێ.




ئەو پاسەی دەگەڕایەوە بە خێرایی پڕ بوو. گرنگترین شت ئێستا بۆ من ئەوە بوو کە بە دوای ماڵی مامم‌دا بگەڕێم.

# Sagor för barn på svenska

berattelser.se

## ئەو رۆژەی ماڵەوەم بە جێهێشت بۆ مەبەستی چوونە شار

Skriven av: Lesley Koyi, Ursula Nafula
Illustrerad av: Brian Wambi
Översatt av: Agri Afshin

Denna saga kommer från African Storybook (africanstorybook.org) och vidarebefordras av Sagor för barn på svenska (https://berattelser.se/), som erbjuder sagor på många språk som talas i Sverige.

Detta verk är licensierat under en Creative Commons
Erkännande 4.0 Internasjonal Lisens.